# له ستایشی لاواندا
# دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن

بەختیار کەریم
05/11/17
ئۆکسفۆرد - ئینگلاند

## سەرەتا

هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لە ناوەڕاستی مانگی داهاتودا بۆتە خەمێکی گەورە لای سیاسەتکاران و حیزبە کوردستانیەکان، چونکە وا چاوەڕێ دەکرێت کە دەنگدەرانی کورد بەو گوڕوتینەی هەڵبژاردنەکانی پێشو بەشداری نەکەن. هەندێک وەک لە ڕاپرسی لەسەر دەستوردا جەماوەری دەنگنەدەر بە هەڵپەرست لەقەڵەم دەدەن و وەک هەڕەشەیەک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەیان ناسێنن. بەرلەهەموو شتێک پێویستە ئەو بۆچونە هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە کە دەڵێت دەنگدان ئەرکێکی نەتەوەییە و دواتریش حیزبەکان بێ کێشانی ئەرک دەنگی هاوڵاتیان مسۆگەر بکەن. ئەم بۆچونە کە خودی حیزب لە پشتیەوە ئامادەگی هەیە و ڕۆشنبیرانیش کە لە قەیرانێکی فیکریدا دەژین جەختی لێدەکەنەوە، بەر لە هەموو شتێک هەڕەشەیەکە بۆ ئاییندەی دیموکراسی (ئەگەر دیموکراسی کە ئێستای نییە ئاییندەی هەبێت) هەروەها بەخشینی دەرفەتێکی ترە بە حیزبەکان بۆ ئەوەی هاوکات بێڕێزی بنوێنن بەرامبەر ڕای جەماوەر، وەکی دیش هەنگاوێک چیە بەئاراستەی پێویستدا نەیننێن.

لێرەوە هەر پۆزش هێنانەوەیەک بۆ ناکارایی سەرکردایەتی حیزبەکان لە هەموو بوارەکاندا وەک پێشان جێگەی بڕوای زۆرینەی خەڵک نابێت. ئەو (کات)ەی بەدەست دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە بوو بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، بەس بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت نەک تەنها یەکخستنەوەی دوو شار و دوو شارەوانی. لێرەوە دەکرێت سەرنجێکی ورد لەم دیاردە نوێە بدەین کە دەشێت زادەی کرانەوە و هۆشیاری جەماوەر بێت بەتایبەتی لاوان و خوێندکارانی زانکۆکان کە لێرەدا ناوی دەنێین دیاردەی 'دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن'. ئەو نەوەیەی پاش ڕاپەڕین جگە لەوەی داماوترین نەوەی جیهانە و هەموو کەناڵەکانی دەربڕینیان لەدەرەوەی حیزبەکاندا بەسەردا کلۆمدراوە، هاوکاتیش هۆشیاترین نەوەیە لە مێژووی کورددا. ئەم نەوەیە دیاردەیەکی سیاسی گرنگیان بە فەرهەنگی سیاسی کوردی ناساند، کە بۆ چەندین نەوەی داهاتو کاریگەری دەبێت، ئەویش دەنگنەدانیان بوو بۆ دەستور. ئەم

دیاردە نوێیە پێمان دەڵێت کە لاوان دەزانن بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنێک یان دەنگنەدان بە دەستورێک ئاسایشی نەتەوەیمان ناکەوێتە مەترسیەوە، بەڵکو ئەوەی دەکەوێتە مەترسیەوە فەرشە زێڕینەکەی ژێر پێی سەرکردایەتی حیزبە باڵادەستەکانە. ئەم دیاردەیە پێمان دەڵێت لاوان هۆشیارن لەوەی بە دەنگدانی پاسیڤ و بێ پرسیاریان پێگەی ئەو حیزبە پتەودەکەن کە لە هەموو پرۆژەکانی خۆی وەدەرینـاون. هاوکاتیش ئەمە پەیامێکە بۆ دوو حیزبی بێگوێ کە چیتر دەنگدان ئەرک نیە وەک ئەوان پێمان دەڵێن بەڵکو مافە و دەکرێت وەک چەکی یەکلاکەرەوە بەکاربرێت. دواجاریش کاتی ئەوە هاتوە چەمکی بێ بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی (ئەگەر بوونی هەبێت) لە بەرژەوەندی حیزبیی جیابکرێتەوە.

## نەوەی ئەسپێ کوژ یان ڕۆشنبیری ملهوڕ

جێگەی سەرسامیە کە ڕۆشنبیرێکی وەک شێرزاد حەسەن بەم نەوەیە دەڵێت 'ئەسپێ کوژ' وەک ئەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ هەر مەبەستێک خۆی لە خۆیدا جۆرێک نەبێت لە کردەیەکی پڕ بەرهەم. ئەم عەقڵیەتەی کە پێیوایە لاو دەبێت لە زۆرترین بەرپسیارێتیەکان باربکرێت، دەبێت خەمی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێگەی دڵداری لێبگرێت، دەبێت خەمی ڕۆشنبیریی لە مۆبایل و ئێنتەرنێتی دووربخاتەوە، عەقڵێەتێکە کە خۆی بەرهەمی تەمەڵی و نابەرپرسیارێتی سیاسی و ئەخلاقیە. بەرلەهەموو شتێک ئەم جۆرە لە بارگاویکردنی لاوان بە سیاسەت و بارکردنیان بە کۆمەڵێک ئەرک کە هی ئەوان نین شتێکی تازە نیە، ئەوەتا ڕۆشنبیرانی ئیسرائیلی لەپاش پاشەکشەی ئیسرائیل لە لوبنان دەکەونە لۆمەی لاوان و بە نەوەی دۆت-کۆم (dot-com generation) ناوزەندیان دەکەن. لە کوردستانیش ئەو سیاسیەنەی شکست دەخۆن (کە سیاسییمان نیە لە مێژوودا سەرکەوتو بووبێت) دەکەونە وێزەی لاوان، کاتێکیش ڕۆشنبیران دەستەوسانن لە تێگەیشتن لە بچوکترین ئەو ڕووداوانەی لە دەوریان دەگوزەرێت دەڵێن ئەوە لاوانن کە ملهوڕ و نەزانن. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە شیرزاد حەسەن وەک نووسەرێکی دانسقە لە ڕووی ڕاستگۆییەوە، وەک خەمخۆرێکی تێکستی باڵا، ئەدەب و مەعریفە نەوەیەک بە ئەسپێ کوشتن و گێلیی تاوانبار دەکات، بەڵام لەیادی دەچێت کە ئەو قۆناغەی تەمەن قۆناغی سەرگەرم بوونە بە شتی سەردەمیانەی وەک مۆبایل، نەک خەمخواردنی ڕۆشنبیریەک کە تێکستی باڵا بەرهەم ناهێنێت. ئەگەر سەرنج لە ژیان لە زانکۆکانی خۆرئاوا بدەین کە زۆربەیان جێگەی ئیبرەیی ئێمەی کوردن دەبینین خوێندکاران بەشێکی زۆری کاتیان بە ڕابواردن و چێژ وەرگرتنەوە بەسەر دەبەن، بگرە خودی چوونە زانکۆ چەندە بۆ پتەوکردنی پێگەی زانستی و ئابوریە ئەوەندەش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشە. هاوکاتێش هەر ئەم زانکۆیانە و ئەو خوێندکارانەی تێیدا دەخوێنن داینەمۆی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگایانەن کە ئێمە دەمانەوێت خۆمان لەسەریان مۆدێل بکەین. لێرەوە نەبوونی کۆمەڵێک نەوەی کارا کە ژێرخانێکی فیکریان بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا فەراهەم کردبێت بەرپرسیارە نەک خۆدی ئەم نەوەیەی ئێستا کە ژیان لە

دووڕیانەکانی گومان و لێڵی ئایندەدا دەگوزەرێنێت. ئەوەی بەرپرسیارە و پێویستە دان بە گێلی و ملهوڕی خۆیدا بنێت ڕۆشنبیران و نووسەرانن نەک لاوان. هەر بەڕاست ئەوە ڕۆشنبیرانن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان ئەو هەلومەرجەیان خوڵقاندوە و ملهوڕی سیاسیە نەزانەکانن یان لاوان کە لە بچوکترین خۆشی و چێژ بێبەشن؟

ئەم نەوە بەدبەختەی ئێستا وێڕای ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئاماژەمان پێدان هێمنترین و پڕئارامترین نەوەیە کە مەزندە بکرێت. ئاخر لە توانای چ نەوەیەکدایە کە بە بەرچاویانەوە و بە ناوی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنیەوە زۆرترین داهاتی وڵاتەکەیان بدزرێت و خۆشیان لە سەرەتاییترین پێداویستی ژیان بێبەشبکرێن، وەڵامی خۆپیشاندانەکانیان بە چەک بدرێتەوە، کاتێکیش هەلومەرجێکی وەک داگیرکردنی عێراق کۆمەڵێک دەرفەتی نوێیان بەڕوودا دەکاتەوە، بەناوی ڕۆشنبیریەوە داوای خود-چەپاندنیان لێبکرێت؟ سەرنجێک لە توندوتیژیەکانی ئێستای فەرەنسا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە کۆمەکمان دەکات، بەڵام ئێرە شوێنی ئەو باسە نیە.

## دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن

پاش ئەو چەند سەرنجە لەسەر نەوەی ئێستا و ستایشکردنی پێویستە بچینە سەر دیاردەی دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن. لێرەدا بە هێچ شێوەیەک هانی دەنگدەران نادرێت بۆ ئەوەی دەنگ بدەن یان نا، ئەوە کاری ڕۆشنبیرانێکە کە بە بروسکە لە قەڵای پاشەکشەوە (Ivory Tower) فەرمان بە گەلی کوردستانی باشور دەدەن کە چیبکەن و چینەکەن یان لە سەرکردەیەک دەپاڕێنەوە کە بەزەییان بە (تاوانبارێکی بێتاوان)دا بێتەوە، کاری ئێمە تێڕوانینە لەو دیاردە نوێیە، پاشان لاوان و دەنگدەرانی دی لەوە هۆشیارترن کە پێیان بووترێت چیبکەن و چی نەکەن.

بەکورتی مەبەست لە دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن ئەوەیە کە هاوڵاتیانی وڵاتێک کە لە تەمەنی دەنگداندان وەک جۆرێک لە پرۆتێست، یان ناڕەزایی لە بارودۆخێکی چەقبەستوی دیاریکراو دەنگ نادەن، لە کاتێکدا پێیان وایە چیتر جیاوازیەک لە نێوان سەگی ڕەش و سپیدا نەماوە و دەنگدان و دەنگنەدان هیچ لەو بارە چەقبەستوە ناگۆڕێت. ئەگەرچی ئەم دەنگنەدانە پاسیڤە بەڵام دەکرێت دەرئەنجامی پۆزەتیڤی هەبێت و دەسەڵاتداران ناچار بە گوێگرتن و بەخۆداچوونەوە بکات. بە واتایەکی تر ئەو کردەیەی کە لە دەرەوەی کردە باوەکانی سیاسەتدا دەکرێت و لە کەناڵێکی نائاسایەوە پراکتیزە دەکرێت، کاردانەوەیەکی تەواو سیاسی دەبێت بەو پێیەی کە دەنگنەدان دەبێتە پاڵەپەستۆیەکی جەماوەری و فشاری سیاسی بۆ سەر ئاراستەکانی دەسەڵات. دواجار کاتێک دەسەڵات درەنگ وەخت تێدەگات کە سیاسەت و هەڵبژاردن چ مانا و مەبەستێکی نابێت ئەگەر زۆرینە بەشداری نەکەن لە هەمان کاتیشدا تادێت دەنگ لەدەست دەدات بۆیە ناچار بە گوێگرتن دەبێت.

لە دەنگداندا لە ڕاپرسی لەسەر دەستوری عێراق ژمارەیەکی بەرچاو دەنگیان نەدا، ئەگەرچی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەبەردەستدا نیە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەوە لاوان بوون کە بە ژمارەیەکی زۆر ئامەدە نەبوون دەنگ بدەن. بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکان سەرەتا بە سەرسامیەوە لەم

دۆخەیان ڕوانی و بڕوایان بە بەختی ڕەشی خۆیان نەکرد، پاشان شێتانە کەوتنە وێزەی ئەو ئەندامانەی خۆیان کە دەنگیان نەدابوو. ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئەم حیزبانە ئامەدە نین هیچ گۆڕانکاریەک بکەن کە جێگەی ڕازی بوونی زۆربەی دەنگدەران بێت تا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا دەنگیان بۆ بدەن، بەڵکو پێیان وایە دەتوانن بە هەڕەشە لە ناو حیزب و دەرەوەی حیزبدا و ترساندنی دەنگدەرانی دڵسۆز بە لەبارچوونی پرۆسەکە خەڵک ناچار بە دەنگدان بکەن. لێرەدا ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە چی ڕوودەدات لە هەڵبژاردنی داهاتودا، بەڵام تا کەی ئەم حیزبانە پێیان وایە کە خەڵک بێ بەرامبەر و لێپێچینەوە کوێرانە دەنگ بەو لیستانە دەدەن کە ئەوان سەرۆکایەتی دەکەن؟

ئەوەی لێرەدا شایانی گووتنە جیاوازی ئەم هەڵبژاردنەی داهاتوە لەگەڵ هەڵبژاردنی دەوڵەتێک کە هەر چەند ساڵ جارێک حوکومەت تێیدا دەگۆڕێت. لەو دەوڵەتانەی هەڵبژاردن بۆتە بەشێک لە کەلتوری سیاسی و ژیانی دیموکراتییان دەنگدەران پشت ئەستورن بە بەرەو پێش چوونی بارودۆخەکە، لەبەرئەوە دەنگدان چ گرنگیەکی نیە بۆ زۆرینە. بەڵام لە دەوڵەتێکی وەک عێراقدا کە کورد بە ترس و گومانەوە بەشێکە لێی بارەکە جیاوازە و هەڵبژاردن گرنگی هەیە. وەلێ دواجار ئەوەی بارودۆخی چەقبەستوی کوردستان و گوزەرانی خەڵکەکەی دەگۆڕێت کۆمەڵێک گۆڕانکارین کە دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەتوان بیکەن و کەم تا زۆر پەیوەندی بە هەڵبژاردنی عێراقەوە نیە. دەکرێت بپرسین ئایا ئەگەر هەموو دەنگدەرانی کورد دەنگیاندا ئەو شتانەی کە ناکارایی حیزبەکان ڕێگر بوون لە بەدیهێنانیان خۆد بە خود دێنە دی؟

لە کۆتاییدا گرنگە دان بەو ڕاستەدا بنێن ئەوەی کە ڕۆشنبیران دەستەوسان بوون لە بەدیهێنانی و بگرە بوونە بەربەست و وزەی بەردەوام بوونی، پێدەچێت لاوان بەم دیاردە نوێیە واتە بە دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن بیهێننەدی. دەنگنەدان وەک سیاسەتکردن وەک دیاردەیەکی نوێ دەکرێت ئاراستەیەکی تر بۆ سیاسەتی کوردی دیاریبکات و لە چەقبەستن، دابەشبوون و گەندەڵی دەرییبێنێت. یان لانیکەم هۆشیارمان بکاتەوە لەوەی مەترسیەکان لە ناوەوەن نەک لە دەرەوە، کاڵفامی ڕۆشنبیران و لوتبەرزی و گەندەڵی سیاسیەکان هەڕەشەیە نەک گەڕانی لاوان لەدوی خۆشبەختی. بەڵام لەوانەش گرنگتر پاڵپشتی کردنی ئەو لاوانەیە کە جیاواز لە ڕۆشنبیرانی پاشکۆی حیزب و ڕۆشنبیرانی بەناو بێلایەن دنیا دەبین، با لێگەڕێین ژیان وەک پێویست بژین و گوێیان لێبگرین. نەک مۆبایلەکانیان بشکێنین و ناچار بە گوێگرتنیان بکەین.